We all count.
HWDSB Student Census 2021

HWDSB
ڕاپۆرت لەسەر نایەکسانی

**دەربارەی ڕاپۆرت لەسەر نایەکسانی HWDSB**
لە نێوان بەهاری 2021 و زستانی 2022، ئێمە مەراسیمیکمان بەڕێوەبرد بە ناوی "هەموومان گرنگین: سەرژمێری خوێندکارانی *HWDSB*" بۆ هەموو خوێندکاران لە HWDSB. "هەموومان گرنگین" داتای دیمۆگرافی خوێندکارانی وەک ڕەگەز، ئایین، ناسنامەی ڕەگەزی، زمان و کەمئەندامی کۆکردەوە. ئەم کۆکردنەوەی داتا پێویستە بۆ دەستەی قوتابخانەکان چونکە داتای پێویست پێشکەشی بۆردەکان دەکات بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی بەربەستە سیستمییەکان بۆ خوێندکاران لە ڕێگەی جەختکردنە سەر بەرنامەسازی و سەرچاوەکان. لە سەرانسەری هەموو قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکان لە HWDSB، ڕێژەی بەشداریکردنمان 48% بوو.

ئەمە پێشەکییەکە بۆ ئەو داتایەی کە کۆمان کردوونەتەوە و بەکارمان هێناون بۆ بەرهەمهێنانی [ڕاپۆرتی زانیاری لەسەر نایەکسانی](). ئەوەی خوارەوە وەسفێکی کورتە دەربارەی ئەوەی دیەکەن کە چیمان کردووە و بۆچی کردوومانە و چی فێربووین و دواتر چی ڕوودەدات. لە لاپەڕەی دووەمدا ڕێنماییەکان دەبینیت کە چۆن تایبەتمەندی وەرگێران لە ماڵپەڕی بۆردەکەدا بەکاربهێنیت بۆ وەرگێڕانی ڕاپۆرتی زانیارییە نایەکسانی و ڕاپۆرتەکانی تر بۆ زمانی دڵخوازی خۆت.

کاتێک زانیاری دیمۆگرافیمان بۆ خوێندکارانی "هەموومان گرنگین" وەرگرت، ئێمە ژمارەی بێهاوتامان بەکارهێنا کە بە زانیارییەکانی هەر خوێندکارێکەوە بەستراونەتەوە بۆ بەستنەوەیان بە دەستکەوتیان، زانیاری ئامادەبوون لە وانەکان، زانیاری خۆشگوزەرانی و ڕاگرتنیان لە خوێندن (لەو شوێنانەی کە گونجاو بێت). کاتێک زانیارییەکان بەسترانەوە، ئەو ژمارە ناوازانەمان لابرد کە بەکارمان دەهێنان بۆ هاوتاکردنی داتاکان بۆ ئەوەی هەرگیز خوێندکاران نەتوانرێت بناسرێنەوە، پاشان نایەکسانییەکانمان حیساب کرد.

**نایەکسانی چییە؟**
کاتێک نوێنەرایەتی گروپێکی ناسنامەیی لە دەرئەنجامێکی دیاریکراودا دەبینین کە زیاتر/کەمتر لەوەی کە فەرز بوو ببێت یان زیاتر/کەمتر لەوەی چاوەڕێی دەکەین، ئەمە بە نایەکسانی ناودەبەین. بۆ نموونە کاتێک خوێندکارە ڕەشپێستەکان یان ڕەسەنەکان زیاتر لە تێکڕای دەستەی خوێندکاران لە خوێندن ڕادەگیرێن، ئێمە دەڵێین کە بە شێوەیەکی نایەکسانی لە زانیارییەکانماندا نوێنەرایەتی کراون. لە زانیارییەکانماندا نایەکسانیمان لە دەستکەوت، ئامادەبوون لە وانەکان، خۆشگوزەرانی و ڕاگرتنەکان لە خوێندندا دۆزیەوە.


**دواتر چی ڕوو دەدات؟**
لەگەڵ دەستپێکردنی پلانی ستراتیژی فرە ساڵە، ئێمە سەرنجمان لەسەر ستراتیژیەتی جۆراوجۆرە بۆ چارەسەرکردنی نایەکسانییەکان لەڕێگەی دەستنیشانکردن و هەڵوەشاندنەوەی نایەکسانی سیستماتیکی کە دەبێتە هۆی بێبەش کردن و دابەزینی نمرەکان، ئامادەنەبوونی زیاتر لە وانەکان، کەمی خۆشگوزەرانی و لە خوێندن ڕاگرتنی زیاتر بۆ کۆمەڵێک لە خوێندکاران.

ئێمە کاردەکەین بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵە زانیارییەکانمان لە کۆکردنەوەی زانیاری بەردەوام و ساڵانە "هەموومان گرنگین" لە پۆلەکانی 7 و 10 هەروەها لەلایەن دایک و باوک و سەرپەرشتیارانەوە لە کاتی تۆمارکردن و لە پۆلی 4 دا. کاتێک کە کۆمەڵە زانیارییەکانمان گەشە پێدەدەین، دەتوانین دەست بکەین بە سەرنجدانی قووڵتر لە نایەکسانییەکان بۆ ئەوەی تێبگەین کە چی ڕوودەدات. بۆ نموونە، ئێمە دەزانین کە خوێندکارە ڕەشپێستەکان زیاتر لە تێکڕای دەستەی خوێندکاران ڕاگیراون لە خوێندن بەڵام نازانین چەند لەو خوێندکارە ڕەشپێستانەی کە ڕاگیراون موسڵمانن، ڕەگەزی جۆراوجۆرن، کەمئەندامن، یان نێر/مێن. بە کۆمەڵە زانیارییەکی تەواوتر، دەتوانین سەیری ئەم یەکتربڕینانەی ناسنامەکان بکەین و ڕاپۆرتی نایەکسانی وردتر پێشکەش بکەین کە زانیاری بۆ دەستێوەردان و ستراتیژی گشتگیرتر دابین دەکات.


ئێمە پشت بە خێزانەکان دەبەستین کە پشتگیری لە "هەموومان گرنگین" دەکەن بۆ ئەوەی بتوانین، پێکەوە، کار بکەین بۆ دەرئەنجامە باشترەکان بۆ هەموو خوێندکاران. تکایە سەیری لاپەڕە 2 بکە بۆ ڕێنماییەکانی وەرگێڕان و هەروەها تکایە سەردانی [ڕاپۆرتی زانیاری لەسەر نایەکسانی]() بکە بۆ زانیاری زیاتر.

# چۆنیەتی وەرگێڕانی وێب پەیجەکانی HWDSB

کاتێک بەناو هەر وێب پەیجێکی HWDSB دا دەگەڕێیت، لیستێکی ئەستوونی لە سەرەوەی لاپەڕەکەدا دەبینیت. بەم شێوەیە:




کاتێک کرتە لەسەر ئەو تیرەی خوارەوە دەکەیت، لیستێک دەبینیت کە دەتوانیت بە سەریدا بڕۆیت بۆ هەڵبژاردنی زمانی خۆت:




کاتێک زمانەکەت هەڵبژارد، تەواوی لاپەڕەکە وەرگێڕدراوە دەردەکەوێت:




سنووردارکردن: تایبەتمەندی وەرگێڕان لەسەر فایلە Embed کراوەکان کارناکات وەکو PDF یان CSV.